KCCRC

Political Studies PS

# حکومەتی ڕەئیسی و ئاکامی کێشمەکێشی نێوان "شەڕگە" و دیپلۆماسی



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٦٤

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# حکومەتی ڕەئیسی و ئاکامی کێشمەکێشی نێوان «شەڕگە» و دیپلۆماسی


حەبیب حسێنی فەرد

وەرگێڕان: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٦٤

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# حکومەتی ڕەئیسی و ئاکامی کێشمەکێشی نێوان «شەڕگە» و دیپلۆماسی

حەبیب حسێنی فەرد

یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان کە لە ڕکابەری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ٢٠٢١ بە داخراوەیی و پەراوێزخراوی مایەوە، بابەتی سیاسەتی دەرەکی بوو، بابەتێک کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ٢٠١٣ و ٢٠١٧ و لە نێویدا دۆسیێ وزەی ناوەکی زۆر گەرم بوو. ڕستەی بەناوبانگی ڕۆحانی کە «باشە کە سانتریفیوژەکان دەجولێنەوە، بەلام ژیانی خەڵکیش دەبێت بجولێت» بووە یەکێک لە دروشمەکانی ڕکابەرایەتی هەڵبژاردنی ٢٠١٣ و لە دۆخێکدا کە سزا قورسە نێودەوڵەتییەکان فشاری سەرەکیان لەسەر ئابووری ئێران دروستکردبوو، ئەم دروشمە زۆر بە بەهێزی دەنگی کۆکردەوە و لە سەرکەوتنی ڕۆحانی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی. ساڵی ٢٠١٧ بەشێکی گرنگ لە سەرکەوتنی دووبارەی ڕۆحانی قەرزارباری بانگەشەی لە سەرکەوتنی دەوڵەتەکەی بۆ گەیشتن بە بەرجام(١) و کۆتاییهێنان بە سزاکانی سەر ئێران لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی بوو.

ڕکابەرییەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ لە دۆخێکدا هەڵپەیسەند، کە سەرەڕای فشارە ئابوورییە قورسەکانی ئەمەریکا لە دوای چوونەدەرەوەی لە بەرجام و سەرلەنوێ سەپاندنی سزاکان بۆ سەر ئێران و تەنانەت توندترکردنیان بەشێکان و لەژێر ناونیشانی تر، دانوستانەکان لەگەڵ ئیدارەکەی بایدن بۆ هەڵگرتن یان کەمکردنەوەی سزاکان لە ئارادا بوو. بەپێی ئەو حەز و جەختکردنەی کە هەردوو لا بۆ بەئاکام گەیاندنی دانوستانەکان تاوەکو کۆتایی کاری حکومەتی ڕۆحانی هەیانە، لەوانەیە لە بنەڕەتدا ئەم دۆسیێە دابخرێت یان چارەسەرەکەی بکەوێتە ئاقارێکی ترەوە کە ئیتر نەبێتە ئەولەوییەتی جیددی یان میحوەری بۆ حکومەتی ڕەئیسی. لە دەرەوەی دانوستانەکان ڤیەننا و دەرچەی چاوەڕانکراو بۆ بەنجام گەیاندنی تا وەکو کۆتایی کاری دەوڵەتی ڕۆحانی، لێدوانەکانی ئەمدواییەی عەلی خامنەیی، ڕابەری کۆماری ئیسلامی لە پاریزکردن و خۆبەدوورگرتنی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ چوونەناو بابەتی سیاسەتی دەرەکی کاریگەر بووە. خامنەیی لە کاردانەوە بۆ بڵاوبوونەوەی تۆماری دەنگیی محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە ڕاشکاوی هۆشداری دا کە وەزارەتی دەرەوە و دەوڵەت ڕۆڵی میحوەریان لە ڕوونکاری سیاسەتی دەرەکی نییە و تەنیا جێبەجێکاری ئەم سیاسەتەن. هەروەها لە لێدوانێکیدا لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٥/٢٥ جارێکی تر هۆشداریی دایە کاندیدەکان کە نەچنە ناو بابەتی سیاسەتی دەرەکی: «من بیستوومە کە وتراوە کاندیدەکان لە دیبەیت و گفتوگۆکان ڕای خۆیان سەبارەت بە فەزای مەجازی بڵێن، نە کاکە، بابەتی سەرەکی خەڵک فەزای مەجازی و سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتە نییە؛ کێشەی خەڵک شتەکانی ترە». ئەم لێدوانانە لە کاتێکدا بوو کە بەشێکی زۆری کێشە زۆرەکانی ئابووری لە ئێراندا جیا لە ناکارامەیی و گەندەڵی، بە سزاکانی نێودەوڵەتی دەبەسترێنەوە. لەم ڕووەوە بوو کە بابەتی سیاسەتی دەرەکی سەرباری پارێزکاری و خۆپاراستنی کاندیدەکان لە چوونەناوی، لێرە و لەوێ بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو و بەزۆری لە پەیوەندی بە پێویستییەکانی هێنانەدەرەوەی ئابووری

لە قەیرانی ئیستا باس دەکرا. بەتایبەتی عەبدولناسر هیممەتی، کاندیدی نزیک لە ریفۆرمخوازەکان، جیا لە باسکردنی لەو زیان و بەرکەوتە سەرەکیانەی کە سزاکان تووشی ئابووری ئێرانیان کردووە ئەنانەت لە شێواندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ «وڵاتانی دۆستی ئێران وەک عێراق و چین»، دەرگای چوونەدەرەوە لە دۆخی هەنووکەیی، تەنیا لە ڕێگەی هاوکاریی لەگەڵ جیهان، زیندووکردنەوەی بەرجام و کۆتاییهێنان بە سزاکانی زانی.

> **کێشەی سەرەکی و لەپێشتری ڕەئیسی ئەمەیە کە خۆی لە ڕووی زانیاری پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان و ئاشنایەتی بە ساسیەتی دەرەکی ئەزموونێکی دیاری نییە**

**کێشە فرەلایەنەکانی ڕەئیسی لە سیاسەتی دەرەکی**

ناوی ڕەئیسی لە جیهانی دەرەوە کەم تا زۆر بە کوژراوانی ساڵی ١٩٨٨ لە زیندانەکانی ئێران گرێدراوە و پێدەچێت کە ئەم هۆکارە لە بنەڕەتدا لە گەشت و سەردانەکانی بۆ دەرەوەی وڵات کێشەی بۆ دروستبکات و ڕێکخراوە مرۆییەکان بەدواداچوونی بۆ بکەن. کێشەی سەرەکی و لەپێشتری ڕەئیسی ئەمەیە کە خۆی لە ڕووی زانیاری پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان و ئاشنایەتی بە ساسیەتی دەرەکی ئەزموونێکی دیاری نییە. ئەگەر وتەی سەرۆکی نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکانی ڕەئیسی لەگەڵ ماڵپەڕی سپۆتنیک بە هەند وەربگرین، چالاکیە نێودەوڵەتییەکانی ڕەئیسی لە ماوەی سەرپەرشتیکردنی ئاستانی قودسی ڕەزەوی (مەزارگەی ئیمام ڕەزا لە شاری مەشهەد)، خۆی لە دانانی بریکاری نێودەوڵەتی بۆ ئەم سەرپەرەشتیکردنە و «گرنگیدان بە دیپلۆماسی زیارەت (سەردانیکردن) لە شاری نێودەوڵەتی مەشهەد» بینیوەتەوە.

لە ماوەی دوو ساڵی کۆتایی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی دادوەریی لە لایەن ڕەئیسییەوە، «ئالوگۆڕکردنی بەندکراوان لەگەڵ عێراق و پەرەپێدانی نووسینگەی کاروباری نێودەوڵتی دەسەڵاتی دادوەری بۆ بریکاری»، وێستگە دیارەکانی کارنامەی ڕەئیسی لە کاروباری نێودەوڵەتی بوون. ئەو لە لوتکەی ئەم بریکارییە، عەلی باقری کەنی داناوە کە یاریدەری سەعید جەلیلی لە دانوستانی وزەی ناوەکی و لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوێستە تووندەکانی ئێران لە گفتوگۆ و دواتر شکستی دانوستانەکان بوو. لە پاڵ ئەم کارنامە کەم و زۆر لاوازە، ڕەئیسی ئەمجارەیان بە پێچەوانەی ساڵی ٢٠١٧ کە کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار بوو، لەسەر بنەمای ئەو بابەتانەی کە باسکرا ئەنانەت بە پێویستی نەزانی کە هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەکیی بەو شێوەیەی کە خۆی مەبەستێتی بڵاو بکاتەوە. بەڵام لە لێدوانە جاروبارەکانی خۆی جەختی لەسەر هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەکانی لە ساڵی ٢٠١٧ و پابەندبوون بە «بیاننامەی هەنگاوی دووەم»ی ڕابەری ئێران دەکردەوە.

لە بەیاننامەی هەنگاوی دووەم، ڕێگەچارەی گەیشتنی ئێران بە ئابوورییەکی بەهێز بۆ «دەسنگەیشتن بە شارستانی گەورەی ئیسلامی» هێنانەکایەی «ئابووری خۆڕاگرانە» باسکراوە و ئەوەی کە «گەنجانی ئازیز لە سەرانسەری وڵات بزانن کە هەموو ڕێگەچارەکان لە ناوخۆی وڵاتدایە». ئەم بەیاننامەیە جەختی لەسەر ئەو بانگەشەیە دەکرد کە «چالاکی نوێی جووڵانەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لەسەر بنەمای مۆدێلی خۆڕاگری بەرانبەر بە دەسەڵاتنسەپاندنی ئەمەریکا و زایۆنیزم؛ شکستی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژئاوای

ئاسیا و چەقینی هاوکارە خائینەکانیان لە ناوچەکە؛ بڵاوبوونەوەی بەهێزانەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕەنگدانەوەی فراوانی لە سەرانسەری جیهانی دەسەڵاتسەپێنە» و جەختی کردەوە کە «سەبارەت بە ئەمەریکا چاوەڕێی چارەسەری هیچ کێشەیەک ناکرێت و دانوستان لەگەڵیدا جگە لە زیانی ماددی و مەعنەوی بەرهەمی تری نابێت».

لەوانەیە بە ئاراستەی وەفاداربوون بەم بنەڕەت و ڕێکارانەی خامنەیی بووبێت کە ڕەئیسی لە کاتی دیبەیتەکانی هەڵبژاردن وەک خودی خامنەیی سەبارەت بە بەرجام هەلوێستێکی ناڕاشکاوانەی گرتەبەر و سەرباری جەختکردنەوە لەوەی کە دەوڵەت پێویستە «بەرەو جەختکردنەوە لەسەر پەرەپێدان بە توانای ناوخۆیی بۆ چارەسەری کێشەکان بڕوات» ئەوەشی ڕوونکردەوە کە «ئێمە بە بەرجام لە چوارچێوەی گرێبەستێک بەو نۆ ماددەیەی کە لە لایەن ڕابەڕ قبوڵ کراوە، بەدڵنیاییەوە وەکو گرێبەستێک و بەڵێنامەیەک کە دەوڵەتەکان پێویستە پابەندی بن، پابەندین... بەڵام پێویستە بەرجام لە لایەن دەوڵەتێکی بەهێز جێبەجێ بکرێت».

ئەم وتانەی ڕەئیسی لە دوو ڕووەوە جێگەی مشتومڕن؛ یەکەم گەڕانەوەی ڕەئیسی بۆ نامەی مەرجە نۆ ماددەییەکی خامنەیی (٢) کە بۆ قبوڵکردنی بەرجام لە ڕێککەوتی ٢٠١٥/٧/٢١ نووسراوە. ئەگەر بڕیار بوو دەوڵەتی ڕۆحانی گرنگی بەم مەرجانەی بدایە، بە شێوەیکی گشتی پرۆسەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی بەرجام لە ساڵانی یەکەم و لە دانوستانەکانی ئێستا بۆ لابردنی سزاکان، تووشی کێشەگەلی زۆر دەبوو. دەشێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە ڕەئیسی و تیمی سیاسەتی دەرەکی لە مانگەکانی یەکەم لەسەر ئەم مەرجانە مانۆڕ بدەن، بەڵام دواتر کە واقیعەکانیان بینی و سنووری مانۆڕەکەی خۆیان لە دۆخی قەیراناوی ئێران لە هاوکاری ئێران لەگەڵ جیهاندا بینی، هاوشێوەی دەوڵەتی ڕۆحانی گوێی پێنادەن، ئەگینا زیندووکردنەوە و جێبەجێکردنی بەرجام تووشی کێشە دەبێت.

**لە بێ هەڵوێستی نەرێنییەوە تاوەکو لێدوانە ناڕوونەکان**

بە هەڵگرتنی لانیکەم بەشێک لە سزاکان، دەوڵەتی ڕەئیسی پێویستە بۆ ڕێکخستنی ئابووری و بەگڕخستنەوەی ئاڵوگۆڕە بازرگانی و بانکییەکان لەگەڵ جیهاندا، دۆسێی پەیماننامەکانی پەیوەست بە FATF(٢) کە لە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم گەیشتۆتە بن بەست و دەنگی لەسەر نەدراوە، دابخات.

دژایەتیکەرانی دەنگدان بە دوو پەیمان لە چوار پەیمانەکەی FATF کە هێشتا دەنگی لەسەر نەدراوە، لە لایەکەوە پاساویان ئەوە بووە کە ئێران بە پەسەندکردنی، ناچار بە پابەندبوون بە کۆمەڵێک بەڵێن دەبێت کە داوای شەفافییەت لە ئاڵوگۆڕە بازرگانی وبانکییەکان لە ئێران دەکات و ئەمە بەربەستێکە بۆ تێپەڕاندنی (دورزدن تحریم ها) نهێنیانەی سزاکانی سەر ئێران. پاساوێکی تر ئەمە بوو کە بە چوونی ئێران بۆ ناو سەرجەم پەیمانەکانی پەیوەست بە FATF، تەواوی پەیوەندییە داراییەکانی ئێران لەگەڵ گرووپە چەکدار و ناچەکدارەکانی نزیک لە ئێران لە ناوچەکە دەچێتە

> **دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە چەندین مانگ و لەوانەیە یك دوو ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ڕەئیسی، قۆناغی کێشمەکێشی نێوان «شەڕگە» و دیپلۆماسی» بێت**

ژێر چاودێری نێودەوڵەتی و دەبێتە هەرەمێکی فشار بۆ سەر ئێران.

هەڵگرتنی سزاکان لەوانەیە پاساوی یەکەم نەهێڵێت، بەڵام لە بابەتی دووەمدا، هێشتا بەشێک لە ناوەندەکانی هێز لە ئێران نیگەرانییەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەڵوێستی ناڕوونی ڕەئیسی لە دیبەیتەکان سەبارت بە پەسەندکردنی دوو پەیمانەکە، گومان و دوودڵییەکان وەک خۆی دەهێڵێتەوە کە دواجار ئەو لە چ بڕیارێک دەدات.

ئەو لە دیبەیتەکانی سەبارەت بە FATF ئەگەرچی بە هەڵە وەک گرێبەستێک باسی دەکرد، بەڵام سەبارەت بەجێبەجێکردنی وەکو کاندیدەکانی تری ئوسوڵگەرا هەڵوێستێکی ڕاشکاوانەی نەرێنی نەگرتەبەر: «گرێبەستی FATF بابەتێکە کە بەشە سەرەکییەکانی لە ئێستادا لە وڵات جێبەجێ دەکرێت و تەنیا یەک دوو بابەتی لە ئەنجومەن (دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم) سەرقاڵی پێداچوونەوەن... ئێمە دابینکەری بەرژەوەندییەکانی گەلین. ئەگەر بەرژوەندییەکانی گەل نەک تەنیا لەم گرێبەستە کە لە هەموو گرێبەستەکان دابین ببێت، بەدڵنیاییەوە ڕای ئێمە سەبارەت بەوە ئەرێنییە. ئەگەریش بەرژەوەندییەکان دابین نەبێت، بەدڵنیاییەوە ئێروانینی ئێمە نەرێنییە».

کێشەیەکی تری لێدوانەکانی ڕەئیسی لە دیبەیتەکان لەوەدایە کە دەڵێت دەوڵەتی ڕۆحانی دەوڵەتێکی بەهێز نەبووە و «پێویستە بەرجام دەوڵەتێکی بەهێز جێبەجێی بکات». لە وەسفی ئاراستەی «دەوڵەتی بەهێز» دەکرێت بەیاننامەی بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی بنکەی هەڵبژاردنی ڕەئیسی لە ساڵی ٢٠١٣ بکەینە بنەما کە قسەی کۆتایی ئەوە بوو کە «دەبێت بەرجام بۆ ڕێڕەوی سەرەکی» بگەڕێتەوە و «جێبەجێکردنی دروستی بەرجام و کاردانەوەی گونجاو بە زیادەخوازییەکانی هەر لایەنێکی دەرەکی دەستووری، کاری ئێمەیە».

هەڵبەت دانوسنانەکانی ئێستا لە ڤیەننا بە ڕەزامەندی و چاودێری ناوەندی بەهێزی دەسەڵات دەچێتە پێشەوە، هەرچەندە مەرج نییە ئەمە بە مانای ڕەزامەندی زۆرینەی خواستەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵگرتنی سزاکان بێت. ئەوەی کە لە ئێستادا دەوڵەتی ڕەئیسی بەو ئاراستەیەی کە لە بەیاننامەی ساڵی ٢٠١٥ هاتووە و بیەوێت دووبارە بەرهەمی دانوستانەکانی ڤیەننا بە پشتیوانی و هاودەنگی لایەنە ئایدۆلۆژییەکانی دەسەڵات یان «کاسبانی سزاکان»(٣) لە ناو حکومەت بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەپێی ڕەزامەندی دوولایەنە و پڕ لە ئەمما و ئەگەری بازنەی نزیک لە خامنەیی بۆ بەرجام و بە سرنجدانی دۆخی نالەباری ئابووری وڵات بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٥، بابەتێکی ڕێتێنەچووە، بەڵام مەحاڵێش نییە.

تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە پەیوەندییەکان و ئاراستە گشتییەکان لە شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە، دەوڵەتی ڕەئیسی لە ئاستی جێبەجێکردن بە هەمان هێڵ و خاڵانەی کە ئایەتوڵا خامنەیی باسی کردووە، پابەندە، ئاراستەیەک کە لە بەیاننامەی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکی بنکەی هەڵبژاردنی ڕەئیسی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٧ و لە ڕکابەری حەسەنی ڕۆحانی ئاماژەی پێکراوە. ئەو لە بەیاننامەکەدا بە جەختکردنەوە لە «ئاسایش بە هەڵوێستی هێزەوە، ئاشتی لە هەڵوێستی دەسەڵاتەوە و دانوستان و دیپلۆماسی لە هەوڵوێستی عیززەت و بەرژەوەندی»، «نفوزی هەرێمی»ی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانی سەرەکی دەسەڵاتەکەی دەزانێت و دانوستان لەسەر ئەم بابەتانە و هەروەها بەرنامەی موشەکی بە مەحاڵ دەزانێت.

ئەم بەیاننامەیە ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتی ڕۆحانی بە هۆی «یەک لایەنەگەرایی (بەرەو ئەورووپا و ڕۆژئاوا) و نەبوونی هاوسەنگی» دەگرێت و بەرژەوەندی ئێران لە «هێنانەکایەی هاوسەنگی لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئەورووپا و ئاسیا و بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ جەمسەرە ئاسیاییەکانی وەک کۆریا، ژاپۆن، چین، ڕووسیا و هێندستان» وەسف دەکات و ئەمە لە خزمەتی گەیشتن بە «ئابووری خۆڕاگرانە» دەزانێت.

## سیاسەتی دەرەکی لەگەڵ کام تیمەدا؟

لە ڕووی لایەنی ئەو تیمەی کە یارمەتی ڕەئیسی بێ ئەزمون دەدەن لە سیاسەتی دەرەکی و لە وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوەدەبەن، بە زۆری ناوی کەسانێک وەک سەعید جەلیلی، عەلی باقری کەنی، حوسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان و مەنوچەهر مونەکی دێت. دوو کەسی یەکەم بە گرنتەبەری ئاراستەی توندڕەوانە بوونە هۆی شکستی دانوستانەکانی وزەی ناوەکی لە قۆناغی سەرۆککۆماری ئەحمەدی نەژاد و دەرچوونی چەندین بڕیارنامە دژ بە ئێران. جەلیلی لە دیبەتەکانی هەڵبژاردن کە هێشتا سەبارەت بە هێزی کۆماری ئیسلامی توندڕەو و وەهمی ماوەتەوە و دیدێکی نەرێنی و ترسناکی بۆ هاوسەنگی هێز و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان هەیە.

حوسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی محەمەدباقر قالیباف (سەرۆکی ئێستای پەرلمان)، لە قۆناغی یەکەمی وەزارەتی دەرەوە جێگری محەمەد جەواد زەریف بوو، ئاراستەیەکی ڕادیکاڵی لە زەمینەی سیاسەتی هەرێمی ئێران هەبوو و لە لایەنگرانی میحوەرییەتی «شەڕگە (میدان)(١) و قوڵکردنی قوڵایی ستراتیجی ئێران لە ناوچەکە» و ملکەچی تەواوی دیپلۆماسی و وەزارەتی دەرەوە بۆ ئەم ڕەهەندانە بوو. لە کۆتاییدا ناکۆکییەکانی لەگەڵ زەریف بووە هۆی لەسەرکارلادانی و ئوسوڵگەراکان «لەسەرکارلادانی ئەم کەسایەتییە شۆڕشگێڕە»یان بە کرنۆشی وەزارەتی دەرەوە بەرانبەر خواستەکانی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی لێکدایەوە. لە ساڵانی دواییدا کە عەبدوڵاهیان ڕاوێژکاری کاروباری نێودەوڵەتی سەرۆکەکانی پەرلەمان بووە، جاروبار بە لێدوانە توندوتیژەکانی دژ بە وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلی مشتومڕی دروست دەکرد.

هەرچییەک بێت ئێران لە ڕووی قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆی و کەڵەکەبوونی داواکارییەکانی کۆمەڵگە لە دۆخێکدایە کە هێزی مانۆڕی توندڕەوانە بۆ دەسەڵات ناهێڵێتەوە و لە کەشێکی وەهادا ئاراستەکانی «دەوڵەتی بەهێز» و «ئێروانین بەرەو ڕۆژهەڵات» و «ئابووری خۆڕاگرانە» و کۆی بەرنامەی سیاسەتی دەرەکیی ڕەئیسی کە لە بەیاننامەی ساڵی ٢٠١٧ هاتووە، دەبێتە پەیڕەوێک بۆ چارەسەری قەیرانی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ناوچەکە.

هەر پێکهاتەیەک لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکی دەسەڵات بگرنەدەست، بەپێی ئەو دۆخە قەیرانارییەی وڵات، توانای تاقیکردنەوەی ئاراستەی توندڕەوانەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نابێت. لە ئاوا دۆخێکدا دژیەکی نێوان واقیعگەرایی کە پێوەری ڕوح و ئاراستەی دەزگای بوروکراسی وڵاتە، بە هۆی ڕەفتار و بۆچوونە وەهمییە ئایدۆلۆژییەکان یان سوودوەرگرتوو لە سزاکانی سەر ئێران لێرە و لەوێ تووشی دژیەکی و مشتومڕ دەبێت و لەم ڕووەوە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە چەندین مانگ و لەوانەیە یەک دوو ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ڕەئیسی، قۆناغی کێشمەکێشی نێوان «شەڕگە» و دیپلۆماسی» بێت، بەڵام لە کۆتاییدا بەردەوامی ژیانی حکومەت بە هاتنە پێشەوەی «شەڕگە» تووشی دژواری زیاتر دەبێت و لەوانەیە ئێران بخاتە ناو قەیرانەکانی ترەوە و بەرەو هەڵوەشانەوەی ببات یان بە ئاوێنەکردنێک لە دیاریکردنی ڕابەری نوێ، زەمینەی گۆڕانکاری لە ڕێڕەوێکی ئەرێنی بێنەکایەوە. ئەم بابەتە کە «ئوسوڵگەرانرین، توندڕەوترین و بێ پشتیوانترین دەوڵەتی دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی» بتوانێت ڕێخۆشکەری بژاردەی دووەم بێت، ڕێتێنەچووە ، بەڵام بەپێی ئەزموونی جیهانی مەحاڵ نییە.

### پەراوێزەکان

(١) بەرجام(برجام) کورتکراوەی «برنامە جامع اقدام مشترک»ە کە لە لایەن میدیا و ڕۆژنامەکانی ئێران لەبری ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی بەکاردێت. ڕێککەوتننامەی ئێران و وڵاتانی ٥+١(کە لە ئێستادا

KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئەمەریکای تێدا نەماوە) سەبارەت بە پرسی وزەی ناوەکی ئێران بوو کە لە ٢٠١٥/٧/١٤ لە شاری ڤییەنا واژوو کرا.

(٢) کورتکراوەی «Financial Action Task Force» ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن وەزیرانی دادی وڵاتانی ئەندامەوە دامەزراوە و لە بنەڕەتدا هەڕەشەکانی «پارەسپیکردنەوە» هۆکاری سەرەکی دامەزراندی ئەم ڕێکخراوە بووە. لەم پێناوەدا لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری پاریس کۆبوونەوەی لوتکە لە نێوان سەرۆکایەتی وڵاتانی G٧ و سەرۆکی کۆمیسۆنی ئەوروپا و هەشت وڵاتی تر ئەنجامدرا. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بەرەنگاربوونەوەی پارەسپیکردنەوە، ڕێگری لە پاڵپشتی دارایی هێزە تیرۆریستییەکان و هەر هەڕەشەیەکی تر کە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر سیستمی دارایی نێودەوڵەتی. ئەم ڕێکخراوە کە لە ئێستادا ٣٨ ئەندام لەخۆ دەگرێت، چالاکییەکانی لە ساڵی ٢٠١٢ بەملاوە فراوانتر کردووە.

(٣) کاسبان تحریم: مەبەست ئەو کەس و لایەنانەیە کە لە ماوەی سەپاندنی سزاکانی سەر ئێران سوودیان لەم دۆخە وەرگرتووە و بەرژوەندییان لە درێژەپێدانی دۆخەکەدا هەیە.

(٤) بەکارهێنانی چەمکی «مەیدان» لە بەرانبەر دیپلۆماسی بۆ دوای چاوپێکەوتنە دزەپێکراوەکەی محەمەدجەواد زەریف دەگەڕێتەوە و مەبەست لێی ئەو ئاراستەیەی ناو سیاسەتی ئێرانە کە پێیانوایە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانی لە ناوچەکەدا بەدەست دێت و دەبێتە چەکێکی بەهێز بۆ باڵادەستی لە دانوستانەکان و وەرگرتنی ئیمتیازاتی زیاتر.

**سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا**

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS